# زەرورەوتی بوونی پارلەمان



**عومەر سەیدە**
omerseyda@yahoo.com

پارلەمانی کوردستان هەمیشە بە هەنگاوی کیسەڵییانەی خۆییەوە چاوەڕوانی هیممەتو بەرەکەتی مەکتەبی سیاسی(پارتیو یەکێتی)یە, تاوەکو خوایە شتێك لە وەزعی کوردستان بگۆڕنو ناوی ئەمانیش لە پەراوێزی ئەو گۆڕانەدا بێت کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ بردنەوەی گرەوێکی سیاسی, یاخود لە ترسی دۆڕاندنی متمانەیان لەناو خەڵکدا دەیکەن.

ئێمەش .. نەوەکانی ئەم میللەتە چاوەڕوانی ئەوەین ڕۆژێك پارلەمانی کوردستان لەو خەوە قورسە ڕاچڵەکێنو چیدی لەوە نەبورن کە مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە گەمە بە ماهیەتو قودسیەتی میللەتێکەوە بکەن, چونکە هەرچی چوونە پای سەندوقەکانی دەنگدانو متمانەدان بوو بە پارلەمانو ئەو نوێنەرانەی کە دەنگی خەڵکیان بەدەست هێنا, لەهاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی(یەکێتیو پارتی)دا هێندەی گەردێکی نەماوە, چونکە ئەوان هیچ بە لایانەوە گرنگ نیە کێ دەیکاتو کێ دەیخوات, ئەوان بەلایانەوە گرنگە چی بەدەست دەهێننو چی نادۆڕێنن, میللەتیش با بۆ خۆی هەر برسیو چاوەڕێ بێت, بازاڕەکانی کوردستان با هەر نرخییان بەرزتر بێتەوە, تیرۆر ژنو منداڵو گەنجو پیر با بێتە کوردستانەوە, با دەستگیرکردنی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان ببێتە عادەت بە بیانووی هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییو بەبیانووی تەشهیرو قەزف, با هەرچی گروپەکانی فشار هەیە بدرێنە بەر شەقو بە دەستی وڵاتانو دوژمن دابنرێن, با هەرچی لاوان هەیە لەبەر نەبوونی ببنە پۆلیسو پێشمەرگەو سەرباز, خۆ ئەوان هیچ زەرەر ناکەن گەر هەموومان وەکو وڵاتانی ئەفریقیا لەبرساندا بمرین, خۆ ئەوان هیچ زەرەر ناکەن گەر هەموومان زمانبڕاو بین, نا ئەوان ئەو کاتە دڵشاد دەبن کە ئێمە نەتوانین سەری خۆمانیش بخورێنین, ئەوان حەز دەکەن پێمان نەکرێیت پێیان بڵێین:"ئەرێ بەڕێزینە حکومەتی یەکگرتوو بە(42) وەزیرەوە چی لە کەشکۆڵەکەیدایە بۆ ئێمەی میللەت؟", حەز ناکەن هەرگیز پێیان بڵێین:"هەق وایە گەندەڵچییەکانی کابینەکانی پێشوو با بدرێنە دادگا", ئەوان حەز دەکەن بڵێین:"لە سایەی حکومەتی یەکگرتوودا ئایندەی میللەت گەشو پرشنگدارو پڕ بەرەکەتو پڕ نیعمەت .. ئەو شتانەیە", ئەوان زۆر حەز دەکەن کە ئێمە بە هەقو ناهەقییان بڵێین:"بەڕاستی هەرچی دەکەنو کردوویانە بڕیارێکی حەکیمانەیە", ئاخر حەکیم دەرد چارەسەر دەکات یان دەرد دەخاتە هەناوی خەڵکەوە ..!!!؟.

پارلەمانو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکی کوردستان بەرپرسن بەرامبەر وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك کە ئەمڕۆو سبەی لە بارەی ئەم حکومەتە بەناو یەکگرتووەو ئەو کابینانەی پێشووتردا دێنە پێشێ, گەر پارەلەمان نەتوانێ وەڵامی سەرجەمی پرسیارەکانی خەڵکی بداتەوە, دەبێ بیرێك لەو ڕۆژە بکاتەوە کە بانگەشەی پارلەمانێکی دیکە دەکەوێتە وڵاتەوە.